**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**

***Organization of Iranian Kurdistan Struggle***

**پێوەندیەکانی هەولێر**

---

## ڕوون کردنەوەییێك لە پێوەندیەکانی هەولێری سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە سەر هەواڵێکی هەڵبەستراو و ناراست

لە ڕۆژی شەممە ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی کوچی خۆری چەندین پیوەندی تەلەفوونی لەلایەن نوێنەری لایەنە سیاسیە کوردستانیەکان و ژمارەییێك لە دۆستان سەبارەت بە بوونی کێشە و ئاڵۆزی لە سازمانی خەبات دا، بە ئێمەوە کراوە. هەروەها سایتێکی ئینترنێتی بە ناوی خۆرهەڵات نیوز هەواڵێکی ناراست و بێ بناخەی بڵاو کردۆتەوە و لەو هەواڵە ناراستەدا بێ حورمەتی بە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کراوە، ئەو شێوە ئاخاوتن و قسانەی کە ئەو ماڵپەڕە بڵاوی کردۆتەوە لە شێوە ئاخاوتنی ڕژیمی ئاخوندی و بڵاوکراوەکانی ئەو ڕژیمە دەچێ و دوورن لە زمان و ئاخاوتنی بڵاو کراوەی کوردستانی.

بە دۆستان و ئەندامانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران و گەلی کورد ڕادەگەیێنین کە بە خۆشیەوە ریزەکانی سازمانی خەبات تەبایی و هاوکاری کەم وێنەی تێدا سەقامگیرە و دژمنانی سازمانی خەبات هیچ کات نابینن ئاڵۆزی و کێشە ڕوو لە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بکا و ئەو ئاواتەیان دەبەنە ژێرگڵ.

دیارە خۆرهەڵات نیوزیش ئەگەر ماڵپەڕێکی کوردستانیە و مەبەستیەتی خزمەت بە ڕۆشنبیری کوردی بکا و ماڵپەڕییێکی بە نرخ و موعتەبەر بێ، دەبێ بێ تەحقیق شت بڵاو نەکاتەوە و بە هۆی بڵاو کردنەوەی ئەو هەواڵە ناڕاستە داوای لێبوردن لە گەلی کورد و سازمانی خەبات و ڕێبوارانی ڕێگەی پیرۆزی بکا.

مەرگ و نەمان بۆ ڕژیمی ئاخوندی و نۆکەران و ئاڵقە لە گوێکانی

**پێوەندیەکانی هەولێری**

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**

**٢٦ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی کۆچی خۆری**